# شەقامی کوردستان چۆن پێشوازی لە پێشنیارەکەی دێمیستۆرا دەکات



ستیڤان دێمیستۆرا نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دوای هێنان و بردنێکی زۆر، پێشنیارەکانی خۆی بۆ یەکلایی کردنەوەی ماددەی ١٤٠ خستە ڕوو. هەرچەندە کە زۆرێک لە کوردستانیان و حزبەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە پێیانوابوو کە مادام مادەم ١٤٠ و کێشەی کەرکوک ڕادەستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێن، ئیدی ئومێدەکان کزتر دەبن، چونکە لەتوانای نەتەوە یەکگرتووەکاندا نابێ کە کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان یەکلایی بکاتەوە، لەلایەکی دیەکەشەوە سەرکردایەتی کوردستان لە واری دیبلۆماسیدا کورتی هێناوەو عەرەب و تورکمانەکانیش گرەوی خۆیان بردۆتەوە، بەڵام هەندێک سیاسەتمەدارو زۆرێک لە ئەندامانی حزبەکانی ناو ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی و پێیانوابوو کە تازە کێشەکە بەرەو نێودەوڵەتی دەڕوا ماف بۆ خاوەن ماف دەگەڕێتەوەو کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

دوای ئەوەی پێشنیارەکانی ستیڤان دێمیستۆرا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاشکرا کردن، هەر بەپەلە بۆ ئەوەی ڕامانی شەقامی کوردەواری بزانین، ڕیپۆرتاژێکمان بۆ ئەم ژمارەیەی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل ئامادە کرد، بۆ ئەم مەبەستەش بۆچوونی چەندین کوردستانیمان وەرگرت، کە لێرەدا بەبێ دەستکاری دەیاننووسینەوە.

کاک **ئارام فەتاح** دانیشتووی شاری کەرکوک زۆر بە نیگەرانیەوە وەڵامی داینەوەو گوتی: 'من زۆر خۆشباوەڕانە لێدوانەکانی سەرکردایەتی کوردستان و قسەی ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانی حزبەکانم وەردەگرت و پێموابوو مادام پەرلەمانی کوردستان لەسەر داوای ستیڤان دێمیستۆرا ماوەی ماددەی ١٤٠ درێژکردۆتەوە، ئیتر ئەویش ئەو چاکەیەی لە چاودا دەمێنێ و لایەنگیری لە ڕاستیدا دەکات، زۆر گەشبین بووم، پێموابوو کە سەد لە سەد ستیڤان پێشنیارێکی نالەبار ناخاتە بەردەستان، بەڵام ئێستا هەر ئەوەندە ماوە بڵێم ئافەرین بۆ سیاسەت و دیبلۆماسی و ڕاگەیاندنەکانتان!

خوشکێک کە لەبازارەوە بۆ گەڕەکی ڕەحیماوە دەگەڕایەوەو ڕۆژنامەی **ئەلسەباحی** لە دەست دابوو، گوتی پێویست بەوە ناکات ناوەکەم بنووسن، ئەگەر هەر ئیسراریش دەکەن بنووسن'**شەوەزەنگ کەرکوکی**' ئەو سەبارەت بەو مەسەلەیە، بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەربڕی: 'خۆزگە مەرگ منالەکەی خۆم بدیبایەو گوێم لە پێشنیارەکانی ئەو کافر بابە نەبووایە، ئاخر دەبوایە سەرکردایەتی کوردستان زووتر خەڵکی کوردستانی لەو مەترسیە ئاگادار بکرابایەوە، کەچی ئەوان بەهاریان هێنابووە ئەژنۆیان، زۆر کەس وایدەزانی بەهەڵهەڵە بەرەو باوەشی کوردستان دەگەڕێینەوە، بەڵام لە ڕادیۆی نەوا گوێم لێبوو کە پێشنیاری کردووە ناحیەی قەراج لە مەخمور نەگەڕێتەوە سەر کوردستان، خۆ تەنها ١٠ ساڵ دەبێ لە پارێزگای هەولێر دابڕێندراوە، حەتمەن پێشنیاریش دەکات کە کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەگەڕێتەوە، بەڵام من دەپرسم، ئایا ئەمجارەیان سەرکردایەتی چۆن وەڵامی ئەو خەڵکە دەداتەوەو چیترمان پێشکەش دەکات؟!'

کاک **ئاکۆ مەجیدی** ڕۆژنامەنووس لە ڕێگەی ئیمەیلەوە ئەم ڕستانەی نووسیوە:

'براینە من هەر لە سەرەتاوە دەمزانی ماددەی ١٤٠، وەک فەرهاد سەنگاوی گوتەنی کڵاوی ١٤٠ە، لەم بارەیەشەوە چەندین بابەتم نووسیوەو لە ڕۆژی گەل و پێگەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوم کردوونەتەوەو نیگەرانی خۆم لە ئەدای سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەربڕیوەو پێشموابووە کە ئەگەر ماددەی ١٤٠ و فایلی کەرکوک ڕادەستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ، وەک کێشەی بیابانی ڕۆژئاوای لێدێ، دەزانن لە ساڵی ١٩٨٨ەوە تا ئەمڕۆ پەروەندەی بیابانی ڕۆژئاوا کە خاڵی ناکۆکی نێوان بەرەی پۆلیساریۆ و شانشینی مەراکیشە لە دەستی یوئێن دایەو یەک هەنگاویشی بۆ هەڵنەگیراوەتەوە، کەواتە چۆن دەمتوانی دڵی خۆم بەوە خۆشبکەم کە لەسەر داوای نێردەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ماوەی ماددەی ١٤٠ درێژ دەکرێتەوە، ڕاستیەکەی ئەگەر ئەو زاتە ئەو پێشنیارەشی نەکردبایە، ئەوە کورد لەوە زیاتری لێچاوەڕوان نەدەکرا، کە دۆسیێ کەرکوک و ماددەی ١٤٠ پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان کرا، نیگەرانی سەرتاپای گیانی داگرتم، بۆیە هاوارم دەکردو دەمنووسی ئەی کوردینە، ئەی کەرکوکیەکان بۆ خۆتان وەرنە مەیدان و چاوتان لە کەسی دیکە نەبێ، هەرچەندە جاروبار لێکدانەوەم دەکرد، سەرەنجام دەهاتمەوە سەر ئەم خاڵەی کە هەر ئەوەندەیان لە دەست دێ و هەر ئەوەندەشیان لە توانادا هەیە، ئێستا پێموایە کە خەڵکی شارەکانی کوردستان دەست بە ڕێپێوان بکەن و ڕێگە نەدەن کە پێشنیارەکانی ستیڤان جێبەجێ بکرێن، بەڵام دیسانەوە من پێموایە کە سەرکردایەتی بە پێشنیارەکان شاگەشکە بووەو شایلۆغانی بۆ دەگێڕێ'

**تورکمانێکی** دانیشتوی گەڕەکی تسعین کە خۆی وەک ئەندامێکی بەرەی تورکمانی ناساند، بەپێکەنینەوە گوتی: 'جاری چیتان بینیوە، ئەمە بیدایەتە، ئاخیرە باغ!، بزانن ئێوە دەیبەنەوە یان ئێمە؟! سەد جار گوتومانە گەورەکانی ئێوە لەبەر سامان کۆکردنەوە ئاگایان لەهیچ نەماوە، باوەڕتان پێنەدەکردین، ئەوەتا ئێوە دەگرین و ئێمەش پێدەکەنین'

**ب. حەسەن** کە مامۆستای فێرگەیەکی سەرتایی شاری کەرکوکە، کاتێک ناوی ماددەی ١٤٠ و پێشنیارەکانی ستیڤان دێمیستۆرامان هێنا، چاوی پڕ ئاو بوو، بە هەناسە بڕکێوە پێیگوتین: دیارە هەموو کەس دوژمنی ئەم میللەتە بەدبەختەی ئێمەیە، ئەگینا بۆ دەبێ یوئێن ڕاستیەکان نەبینێ و بۆ خاتری عەرەب و تورکیا پێ لە کورد بنێ؟! ئاخر نازانم چۆن ئەم زوڵمە قەبوڵ دەکرێ، سەیر لەوەدایە کە باسی ئاکرێ دەکرێ، لە کاتێکدا کە سەدام حوسێنیش ئامادەبوو ئاکرێ و مەخمورو خانەقین بە کورد بدات، ئەگەر بە قسەی سیاسەتمەداران بێ، ئەوە سەدام حوسێنیش ئامادەبوو کە ئیدارەی هاوبەش لە کەرکوک لە مابەینی کورد و عەرەب پێکبێت، بەڵام سەرکردایەتی ئەو کاتەی شۆڕشی کوردستان ئەو پێشنیارەی ڕەت کردەوە، بەڵام ئەگەر وا بڕوات کاک ستێڤان ئیدارەی هاوبەشیشمان پێڕەوا نابینێ!!

**کاک (ت)** کە ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستانە و دانیشتووی شاری کەرکوکە، داوای کرد کە ناوەکەی نەنووسرێ، سەبارەت بە پێشنیارەکە گوتی: 'من باوەڕ ناکەم کە سەرۆکایەتی کوردستان ئەم پێشنیارانە قەبوڵ بکات، من گەشبینم و پێموایە کەرکوک هی کوردەو هەر بۆ کورد دەبێ، من حەقم بەسەر خەڵکەوە نیە، بەڵام من پێموایە کە پێشنارەکە پوچەڵ دەبێتەوە، بۆیە خۆم نیگەران ناکەم، نە دڵم پێیان خۆشەو نەپێشیان نیگەران دەبم.

**پۆلیسێکی** هاتوچۆ، لەبەرگەرما ڕاوەستابوو، ڕێنوێنی شۆفێرەکانی دەکرد، ئارەقەی لێدەچۆڕایەوە، ڕووی پرسیارمان لێکرد، ئەو زۆر ماندوو بوو، ئامادە نەبوو وەڵاممان بداتەوە، تەنیا گوتی: وازم لێبێنن، ئەمە بەمن چارەسەر نابێ، پەلەمە دەوامەکەم تەواوبێت و بچمەوە ماڵ، لە برسانا سگم قوڕەی لێوەدێت، دواتر من هەر ستیڤانیش ناناسم و ئاگاشم لە پێشنیارەکانی نیە، خۆ ئەگەر ئەم مانگە مووچەکەمان زیاد بکات، کۆمەڵێک کێشەم لە کوڵ دەبێتەوە'

دوای ئەوەی بە سەرپێی هەندێک کەسمان دواندو بۆچوونی ئەوانمان وەرگرت، ئیدی هەستمان کرد کە زۆرینەی خەڵکی ئەم وڵاتە لەبەر کێشەو گرفتەکانی خۆیان ئاگایان لە کێشەی ڕەوای گەل و نیشتمان نەماوە، یان لەگەڵ گرفت و دەردەسەریەکانی خۆیان دەرگیرن و دەرفەتی ئەوەیان نیە کە ئیدی خۆیان بە بابەتێکەوە خەریک بکەن، کە زۆربەیان پێیانوایە کە ئەمە کاری سەرکردەو سیاسەتمەداران و حزبەکانە و خەمی ئەوان نیە، بەڵام ئەگەر کوردستانیان هەموویان پەرۆشی کێشەی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکان بن و بە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لە کێشەکان و پێشنیارەکانی ستیڤان بڕوانن، لەوانەیە ئاکامێکی باشترمان دێتە دەست، ئەگەر ئاوا کەمتەرخەمبین و وەک پێشنیارەکانی بەیەکەر- هاملتن وەری بگرین، بەخشکەیی جێبەجێ دەکرێ و دەستمان لەبنی هەبانەکە دێتە دەرێ.

**ئامادەکردنی سازان و کۆژین**
**٧-٦-٢٠٠٨**

---

# هونەرمەند حامد موحەممەدیان:

# نەوەی ئەمڕۆ دەبێ تێبکۆشن و خۆیان خاوەن شێوازێک بن

**ڕۆژی گەل** : **هونەرمەندی بەڕێز کاک حامد موحەممەدیان زۆر بەخێرهاتنت دەکەین بۆ شاری قەڵا و منارە ، دیارە وەک هونەرمەندێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیوتە خۆت بناسێنی و هەنووکە بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرت هاتووی بۆ هەولێر هەربۆیە با لێرەش بتناسن ؟**

و : زۆر سپاستان دەکەم بۆ ئەم وتوویژە من حامد موحەممەدیان موالیدی ١٩٨٠ی شاری سنەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ،دیارە هە لە منداڵییەوە هونەر خولیایەک بووە لە دەروونمدا و لە ٢٠٠٠ەوە دەستم کرد بە کاری هونەری .دەیشبێ ئەوە بڵێم ئەمن بەبێ مامۆستا دەستم کردووە بە ژەنینی ساز و خۆم بە ڕاهێنان گەیاندۆتە ئێرە .

**ڕۆژی گەل**: **چ ئامێرێک دەژەنی؟**

و : باغلەمە و گیتار لێ ئەدەم و هۆکاری سەرکەوتن و دیاربوونی کارەکانیشم لەبەر ئەوەیە بە شێوازی فارسی ، عەرەبی یا تورکی نین بەڵکو تەنها کوردین و هەروەها چونکە خۆم ئاوازدانەریشم و کارەکانم خۆم دەیانخوڵقێنم هەربۆیە بەرهەمەکانم دزیەتی نین . هەر کەسێک ودیارە شێوازی چالاکی هونەری بەجۆرێکە منیش پشتم بە خۆم بەستووە و بەوشێوەیەی کە گوتم کاردەکەم و لە ماوەی دوو ساڵدا کارەکانم ناوبانگیان دەرکرد . ساڵی ٢٠٠٤ لە چوارەمین مێهرەجانی موسیقای کوردی لە ئێران خەڵاتی باشترین گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرم وەرگرت . لە چەند فێستیڤاڵی دیکەش لە ئێراندا خەڵاتم وەرگرتووە . ساڵی ٢٠٠٥ یەکەم گۆرانیم تۆمارکرد بەناوی شێتەگیان کە خاوەنی ئەو گۆرانیەم کە ئەڵێ : پێم ئەڵێن فەرمووتە شێتم کە هۆنراوەی مامۆستا عەبباسی کەمەندییە و ئاوازی منە . ئەو گۆرانیە زۆر منی ناساند و لای خەڵکی زۆر خۆشەویستە و هەمان ساڵی ٢٠٠٥ کوردسات کلیپیشی بۆکرد.

**ڕۆژی گەل**: **کاک حامد پێموابێت خاوەنی ئەڵبۆمیشیت ؟**

و : بەڵێ خاوەنی ئەڵبۆمێکم بە ناوی " ڕەنگە هیچ کەسێک نەزانێت " کە حەوت گۆرانی و یەک پارچە موسیقایە و یەکێک لەو گۆرانیانە بۆ هەڵەبجەیە و لە شێعرێکی مامۆستا شێرکۆبێکەس کەڵکم وەرگرتووە . ئەڵبۆمی ڕەنگە هیچ کەسێک نەزانێت هەر لە دوای شێتەگیانەوە هاتە ناو بازاڕ و لەخۆدا کارێکی نوێیە چونکە لاسایکردنەوەی کەس نیە هەربۆیەش توانی جەماوەری خۆی پەیدا بکات .

**ڕۆژی گەل**:**بەدەنگی کام هونەرمەندەوە دەستت کرد بە گۆرانی گوتن و هەتا چەند موسیقای فولکوی کوردی دەناسیت ، چونکە بەرهەمەکانت لە شێوەی پاپن ؟**

و : من دیارە بەرهەمەکانم پاپە بەڵام موسیقای دایکم دەناسم دەگەڵ فولکلۆری کوردیدا شارەزام و خۆم بە دەنگی مامۆستا حەسەن زیرەک و مەقاماتی مامۆستا عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و کاوەیس ئاغاوە دەستم پێکرد هەروەها فولکلۆری ناوچەی خۆمان و دەگەڵ دەنگی مامۆستا حەمەی ماملێ و دەنگەکانی ناوچەی خۆمان مامۆستایان عەبباسی کەمەندی و ناسری ڕەزازی شارەزایی تەواوم هەیە بەڵام شێوازی بەرهەمەکانی خۆم پاپ و مۆدێرنە .خەڵک لەوە ناپرسن کێ خوێندنی ئاکادیمیکی لە موسیقادا هەیە خەڵک بەدوای ئەو دەنگ و موسیقایەوەن چێژ و تامیان بداتێ هەربۆیە ئەمن زۆر تێکۆشاوم لەم قەرەباڵغیەی بازاڕی هونەردا شێوازێکی تایبەتم بۆ خۆم هەبێت و بتوانم بەو جۆرەیە تام و چێژێک بە خەڵکی بگەیەنم . دیارە بۆ ئەوەی لە جیهانی موسیقادا دەربکەویت دەبێ چوارچێوەی موسیقا بزانیت کورتەمێژووی موسیقا بزانیت فولکلۆر شارەزا بیت شێوازەکانی موسیقا بناسیت موسیقای مۆدێڕن و ئاکادیمیک بزانیت .

**ڕۆژی گەل** :**بە هیوا نیت دووەمین ئەڵبۆمیشت ئامادە بکەیت؟**

و : من یەکەم ئەڵبۆمم وەک تەجرۆبەیەک دایە بازاڕ و دیارە بە هۆی ئەوەی کە تێکۆشام شێوازی تایبەتی خۆی هەبێت سەرکەوتوویش بووە و بەڕاستی کاری هونەری لەم وڵاتەیەدا زۆر هەزینەی لەسەرەوەیە و هەر بەو هۆیەیشەوە ٨٠%ی موسیقاکان و گۆرانییەکانی ئەمڕۆکەمان بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم خراپن بۆ ئەڵبۆمی دوەم دەبێ تێبکۆشم لە یەکەم باشتر بێت هەربۆیە نامەوێت پەلە بکەم . هونەر یا موسیقی واتە هەستێک کە بۆ دەربڕینی کەڵک لە چەند تیئۆری زانستی و کردەوەیی دەگریت و بۆ پێشکەوتن لەو بوارەدا دەبێ هەست و زانست بۆ بەرهەمەکان هەبێت .

**ڕۆژی گەل** : **دەربارەی کلیپت بیروڕات چییە ؟**

و : بەداخەوە کلیپەکان سیناریۆ و تەکنیک و صورەیان لاوازە و هەروەها کەمتر مۆرکی کوردی پێوە دیارە . ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەرهێنەرەکان کەمتر بایەخ بە کوردی دەدەن .

**ڕۆژی گەل** : **دەگەڵ کام گرووپە موسیقادا بەردەوامیت ؟**

و : لە هەموو جیهاندا فەرهەنگی گرووپ هەیە بۆ ژیان بۆ کار بۆ موسیقا بەڵام لە کوردستان بەداخەوە بەوجۆرە نیە ئەوە دەتوانیت بڕوانیتە گرووپە موسیقاکانی تاتلیسیس ، مایکل جەکسۆن و گرووپە ئێرانییەکان .

**ڕۆژی گەل**:**لەم ماوەیەدا چاوپێکەوتنت دەگەڵ زۆربەی کەناڵەئاسمانی و ڕادیۆکانی هەرێمی کوردستاندا هەبوو ئایا بەرهەمێکی نوێت پێیە ؟**

و : بەڵێ ئەمن بە بانگهێشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بەڕێوەچوونی کۆنسێرت لە هەولێر هاتم بۆ هەرێمی کوردستان . لە کوردستان تیقی بەرنامەی گەنجینە ، کوردسات ، لە زاگرۆس بە شێوەی پلەی بەگ دووکارە نوێکەم بە ناوی لێم مەگەڕێ و لێم دوور مەبە کە پاپ و پاپراکن تۆمار کردووە و چەند ڕادیۆیەک بۆ وتوویژ لەگەڵیان بووم . لە سەتەلایتی نەورۆزیش لە بەرنامەی تایبەتدا میوان بووم .

**ڕۆژی گەل** : **کوردێک ڕۆژهەڵات کە خۆی ، خۆی پێگەیاندووە چی هەیە بۆ هەڤاڵانی هاوئاستی خۆی و خوازیارانی هونەر ؟**

و : دیارە من خۆم هەر قوتابیم و لەو ئاستەدا نیم ڕاسپاردەیەکم هەبێت ، داوام ئەوەیە بە دەرچوونی ڕوخساریان لە میدیاکاندا لە خۆ بایی نەبن ئەوانە کاتین ، نەوەی ئەمڕۆ دەبێ هەتا بۆیان دەکرێت هەوڵبدەن لە بواری زانستی موسیقاوە پێشبکەون و تێبکۆشن خاوەن شێواز و ڕێچکەیەک بن و لە بواری ئاکادیمیکییەوە دەبێ پتر لە هەوڵ و تێکۆشاندا بن . زۆر سپاسی ڕۆژنامەی " ڕۆژی گەل " دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەو هەل و دەرفەتە و هەر بژین و سەرکەوتوو بن .

**ڕۆژی گەل** : **ئێمەش دووبارە بەخێرهاتنت دەکەین و هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازین لە خەونە موسیقاییەکانتدا بۆ داهاتووت .**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com